# کەرکوك لوتکەی دووکەرتبوونی کورد

محسن ئەدیب

هەر لە سەرەتای جەنگ دڵنیابوم لەوەی کە دەرەنجامی ئەم جەنگە بێشك ڕوخانی ڕژێمە، لەوەش زۆر دڵنیابووم ئەمەش فەرەحو کامەرانیەکی لە ڕادە بەدەری پێدەبەخشیم، بەلام ئەوەی دلگرانی دەکردم ترسێك بوو کە پێی وابوو جەنگ کۆتایی پێدێت، ڕژێم دەڕوخێت، بەڵام بە جۆرێك تەواو دەبێت چێژی لێنابینین هەست بە نەشوەکەی ناکەین، بەو مانایەی کە کارەساتێکی مرۆیی وا دەقەومێ کە هەموو خۆشیەکانی زیندە بەچاڵ دەکات.

خۆشبەختانە ئەو کارەساتە مرۆییەی زۆرێك لە ئێمە چاوەڕوانی بووین ڕوینەداو بەمەش دڵخۆشبووین کە تاڕادەیەك جەنگێکی سپی ڕژێمێکی ڕەشی لەناوبرد، بەڵام ئەوەیدلگرانی کردین یاخود ئەوەی چاوەڕوانیمان نەدەکرد ئەو تاڵانو بڕینە بوو کە حزبە کوردیەکان بە بەرنامەیەکی تۆکمەوە ئەنجامیاندا. کە بێگومان ئەم حاڵەتە هەموو ئەو کەسانەی زۆر دلگران کرد کە چاوەڕوانی داهاتوویەکی گەش بۆ کوردو ڕۆڵی مەدەنیو دیموکراسی کورد دەکەن لە داهاتووی عیراقدا.

ئاماژە بەوەی ئەم دیاردەیە زۆری لەسەر وتراوە من هەوڵدەدەم تەنها دووخاڵ بە کورتی بخەمە ڕوو:-

یەکەم: رأستە لە سەرجەم شارو شارۆچکەکانی عیراقدا تاڵانی ڕوویدا بەڵام بە جیاوازیەکی گەورەوە چونکە ئەگەر لە شارەکانی تردا یەکەمین کەسێك کەتالانی کرد خەڵکێکی نا مونەزەمو داخ لە دڵ کردبێتی ئەوا لە کەرکوكو موسڵدا حزبەگەلێکی مونەزەمو خاوەن دەسەڵات کردیان.

دووەم : ئەو هەموو هەوڵو کۆششەی لە یانزە ساڵی ڕابردوودا لە پێناو بە دیموکراسیکردنی دەسەڵاتو بە مەدەنیکردنی کۆمەڵگادا بە خەرجدرا، بێسەمەر لە چرکەی ئازادی عیراقدا خرایە ڕوو، ئەو هەموو بانگەشەیەی پێشکەوتنو بە مەدەنیبوونو جوانبوونەی حزبە کوردیەکان دەیانکرد لە سەرەتای یەکەمینهەناسەی ئازادیدا بەدرۆخرایەوە.

ئەگەر چی ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەیەکی کورتمان پێدا تووشی بێئەمەلی کردین، هەروا ئاسان نیە حزبە کوردیەکان گەورەترین لەتمەیان لە مەسەلەی کوردو ئەزموونی حوکمڕانی کورددا، نەك بە تەنها بەو تالانیەو ڕەشوڕوتیەی کردیان بەڵکو لەبەر ئەوەی کە لە ڕووی مێژوییەوە هەلێکی گەورەیان لەکیسداین چونکە دەیانتوانی وێنەیەکی جوانی کورد لە موسڵوکەرکوکدا بخەنە ڕوو، بەوەی کە بە بەرنامەیەکی توندوتۆلی هەمە لایەنە کۆنترۆڵیان بکردنایەو نەیانهێشتایە ڕویدا ڕویدایە، بەم هەنگاوە ئاسانە دەیانتوانی چەندین هەنگاو مەسەلەمی کورد ببەنە پێشەوە زۆر سانا شەرعیەتێکی شەعبیو ڕەسمیان مسۆگەر دەکرد، بەمە دەیانتوانی کوردبوونی کەرکوك بسەلمێنن نەوەك بەوەی ئیدیعای ئەوە بکەن کەرکوك شاری برایەتیە، ئەگەرچی ئەم شیعارە تەنازولێکی سیاسی لە پشتەوەیە، بەڵام وەك مەسەلەیەکی ئەخلاقی من هیچ کێشەیەکم لەگەڵیدا نییە.

بەڵام ئەم برایەتیە لە نێوان گەلی کوردو تورکمانو عەرەبدا بێت، نەوەك لە نێوان یەکێتیو پارتی بەجیاو تورکمانو عەرەبدا بێت، چونکە ئەم جۆرە برایەتیە لە ژوانگەیەکی نیشتمانیو ئەخلا قیەوە نیە ئەوەندەی لە ڕوانگەیەکی سیاسیو بەرژەوەندی گەرایيەوەیە، بێگومان ئیشکاکان لەگەڵ ئەوەدا نیە تۆ وەك حزبێکی سیاسی کارو ستراتیژو میکانیزمی ئیشکردنی تایبەت بە خۆتت هەبێت، ئیشکال لەوەدایە بەرژەوەندیە تەسکە حزبیەکان زەرەر بە کایە ستراتیژیە نەتەوەییەکانمان بگەیەنێت نەخوازەڵا لە شاری کەرکوکدا کە چەندین ساڵە خەون بە ئازادبوونیەوە دەبینین، بەداخەوە ئێستا لوتکەی دووکەرتبوونی کورد لەو شارەدا خۆی بەرجەستە کردووە بە جۆرێك تا ئێستا دوو پارێزگارت لەو شارەدا هەیە، ئەو دوو پارێزگارە هەردووکیان کوردن وە هەریەکەیان بۆ وەرگرتنی شەرعیەتی خۆی دەیانەوێ بە جیا سود لە نفوزو وجودی عەرەبو تورکمان ببینن کە دوورنیە لە داهاتوودا تەنازولاتی مەترسیداریش نەکەن بەرامبەر ئەو دوو نەتەوەیەی دی لەپێناو کایە حزبیەکاندا هەریەکەیان بەجۆرێك خەونە نەتەوەییو نیشتمانیەکانی کوردو ئەو شارە زیندە بەچاڵ نەکەن.

بەراییەکانی ئەم خاڵەش ئێستا لەوەدا دەبینینەوە کە هەریەکەیان پێشبڕکێیانە لە پێناو گرتنەخۆی زۆرترین ژمارەی کۆنە بەعسیەکانو تازە نیشتمان پەروەرەکان.

ئەگەرچی من زۆر باوەڕم بە سەربەخۆیی حزبی هەیەو پێشموایە هەر حزبێك خسوسیەتی تایبەت بەخۆیی‌و سیمای ئاشکرای خۆی بێ کە لە حزبێکی دی جیابکاتەوە ئەسڵەن بوونی لە خەتەردایە، بەلام زیاترلەوە باوەڕم بەوە هەیە کە کوردو حزبە کوردیەکان دەبێت لە کەرکوکدا بە تایبەت واز لە خسوسیەتەکانی خۆیان بهێنن‌و وەك نەتەوەیەکی یەکگرتوو بە تایبەت لەم قۆناغە یەکلاکەرەوەیەدا خۆیان بنوێنن‌و واز لە میزاجی حزبی بهێنن‌و عەقلیەتی حیزبگەرایی بخەنەلاوەو ئەوکاتە دەتوانن بیسەلمێنن ئەوان کوردایەتی دەکەن نەوەك حزبایەتی، ئاواش دەتوانن شیعاری (شاری برایەتی) بسەلمێنن.

بۆیە خوازیارم هەردوو حزبەکە بە تایبەتی‌و سەرجەم حزبەکانی دی‌و ڕۆشنبیران‌و ماس میدیاکان (بوونی دوو پارێزگار) ی کورد لە کەرکوك وەك خەتەرێکی گەورە سەیر بکەن‌و کار لە سەرگوتاری یەکگرتووی نەتەوەیی بکەنەوە، چونکە هەر بەم هەوڵە دەتوانین چێژ ئازادی عیراق ببینین‌و خەونە ڕەواکانی گەلەکەمان بهێنینەدی.

muhsinadib@yahoo. com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت